Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

## مۆڵەتی مانەوە لە فینلەندا بە تۆ نەدراوە

فەرمانگەی کۆچ بڕیاری نێگەتیڤی بۆ داوای پەنابەریەکەت دەرکردووە. ئەوەش مانای وایە کە تۆ لەسەر بنەمای داوای پەنابەریەکەت مۆڵەتی مانەوەت لە فینلەندا وەنەگرتووە.

ئەگەر بێجگە لە داوانامەی پەنابەرێتی بە جیاواز داوانامەی مۆڵەتی مانەوەشت کردووە، بڕیاری ئەوەیان بەجیاواز وەردەگریت

## نوینەرەکەت، پارێزەرەکەت و کارمەندەکانی کامپی پەنابەران یارمەتیت دەدەن

هەمیشە ئەو بڕیارانەی کە تایبەتن بە تۆ  نوێنەرەکەشت وەری دەگرێت بۆ زانیاری.

نوێنەرەکەت، پارێزەرەکەت و کارمەندەکانی کامپی پەنابەران زانیاریت پێ دەدەن کە لەوە بەدوا چی ڕوودەدات.

## دوابەدوای بڕیارەکە دەتوانیت یان بەشێوەی ئارەزوومەندانە وڵاتەکە جێ بهێڵیت یانیش سکاڵا لە دژی بڕیارەکە بکەیت

### ▪ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە

ئەگەر دەتەوێت ئارەزوومەندانە بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت، دەتوانیت بۆ ئەو مەبەستە داوای یارمەتی بکەیت. سەبارەت بەو بابەتە قسە لەگەڵ نوێنەرەکەت و کارمەندی کامپەکە بکە.

مەرج بۆ گەڕانەوەت ئەوەیە کە دایکت یان باوکت یان ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی تۆیە پێشوازیت لێ بکات.

مەرج بۆ وەرگرتنی یارمەتی ئەوەیە کە ئارەزوومەندانە فینلەندا جێبهێڵیت. پێویستە داوانامەی پەنابەریەکەت یان ئەو سکاڵایانەی کە لە دژی بڕیارەکەی کردووتە بکێشیتەوە.

زانیاری زیاتر لەسەر گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ دەدۆزیتەوە:
https://migri.fi/paluu

### ▪ دەتوانیت لە دژی بڕیارەکە سکاڵا بکەیت لە دادگای ئیداری

لە پاشکۆی بڕیارەکەدا ڕێنمایی سکاڵاکردنیشت پێ دەدرێت. بەو بەڵگەنامەیە دەوترێت چۆنێتی سکاڵاکردن. پارێزەر لەجیاتی تۆ سکاڵاکە دەکات. هەروەها نوێنەرەکەشت لەو کارەدا یارمەتیت دەدات.

- دادگای ئیداری بڕیار لەسەر سکاڵاکەت دەدات

ئەگەر دادگای ئیداری سکاڵاکەتی ڕەتکردەوە، دەتوانیت دوای ئەوەش داوای مۆڵەتی سکاڵاکردن بکەیت لە دادگای بەرزی ئیداری. ئەو دادگایە لێکۆڵینەوە لە هەموو سکاڵایەك ناكات. کاتێك کە ئیتر نەتوانرێت سکاڵا لە بڕیارەکە بکرێت مانای وایە ئەوە دوایین بڕیارە.

داگای ئیداری و دادگای بەرزی ئیداری دەتوانێت

- بڕیارەکە هەڵوەشێنێتەوە
- فەرمان بدات کە دەبێت داوانامەکەت سەرلەنوێ تاوتوێ بکرێتەوە
- فەرمان بدات کە دەبێت مۆڵەتی مانەوە بە تۆ بدرێت، یانیش
- سکاڵاکەت ڕەتبکرێتەوە

کاتێك کە سکاڵا لە دژی بڕیارەکەی فەرمانگەی کۆچ دەکەیت، ئەوساکە ئیتر فەرمانگەی کۆچ ئەو فەرمانگەیە نیە کە بابەتەکەت تاوتوێ دەکات.

ئەگەر تۆ لەگەڵ نوێنەرەکەت سەبارەت بە بابەتەکەت پرسیارتان هەیە یان ڕوونکردنەوەی زیاترتان هەیە، دەبێت نوێنەرەکەت پەیوەندی بکات بە پارێزەرەکەتەوە یان ئەو دادگای ئیداریەی کە بابەتەکەت تاوتوێ دەکات.

## لە بڕیارەکەدا باسی ئەوە کراوە کە چی کاتێك دەتوانرێت تۆ لە وڵاتەکە دەربکرێیت

لەبەر ئەوەی تۆ مۆڵەتی مانەوەت لە فینلەندا وەرنەگرتووە، لە بڕیارەکەدا نووسراوە چی کاتێك دەتوانرێت لە وڵاتەکە دەرت بکەن. ئەگەر هێشتا داوانامەیەکی جیاوازی مۆڵەتی مانەوەت هەیە و کارەکەی تەواو نەبووە، زۆر جار وایە کە هەر لەو بڕیارەدا باسی ئەوەش دەکرێت. ئەرکی سەر شانی پۆلیسە کە لە وڵاتەکە دەرت بکەن.

بڕیاری لە وڵات دەرکردن مانای ئەوەیە کە ئەگەر خۆت لە وڵاتەکە نەڕۆیتە دەرەوە ئەوساکە پۆلیس لە وڵاتەکە دەرت دەکاتە دەرەوە. بەر لەوەی بتگەڕێننەوە پۆلیس دڵنیایی لەوەدا دەکات کە لە وڵاتەکەی خۆتدا بەشێوەیەکی بابەتیانە و بەبێ مەترسی وەرت دەگرنەوە.

لە هەمان کاتدا لەوانەیە بڕیاری قەدەغەکردنی هاتنەوەت بۆ وڵاتەکە دەربکرێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە لەو کاتەدا بۆت نیە بگەڕێیتەوە بۆ فینلەندا یان بۆ وڵاتەکانی شەنگن. دەکرێت قەدەغەکردنەکە هەتاکو کاتێکی دیاری نەکراو بێت یانیش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. ئەوەش لە بڕیارەکەدا دەنووسرێت.

پۆلیس کارەکانی گەڕاندنەوە ئامادە دەکات، واتە بلیتی فڕۆکەت بۆ ئامادە دەکات و بەرێت دەخات یان هەتاکو سەر سنووری فینلەندا یانیش هەتاکو وڵاتەکەی خۆت.

## کاربەدەستان دەتوانن فەرمانت پێ بکەن کە لە شوێنێکی دیاریکراودا نیشتەجێ بیت

ئەگەر پێویست بێت تۆ لە وڵاتەکە بچیتە دەرەوە، پۆلیس یان کاربەدەستانی پاسەوانی سنوور دەتوانن فەرمانت پێ بکەن کە لە شوێنێکی دیاریکراودا جێنشین بیت و لەوێوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو هەبوونی خۆت بسەلمێنیت. بە گشتی ئەو شوێنی جێنشینیە هەر ئەوماڵەیە کە لە کاتی تاوتوێکردنی داواناماکەت لێی دەژیایت. بەر لەو شتە گوێ لە ڕاوبۆچوونی خۆت و نوێنەرەکەت و هەروەها کارمەندی سۆسیالەکەت دەگیرێت.

ئەگەر تەمەنت لە سەرووی ١٥ ساڵانەوە بێت بەڵام هێشتا لە خوار هەژدە ساڵانەوە بیت، دەکرێت تۆش بیرێیت بۆ شوێنی دەستبەسەری. بەڵام ئەو شتە بە دەگمەن ڕوودەدات. خوار تەمەن ١٥ ساڵان بەهیچ شێوەیەك نابێ ببرێت بۆ شوێنی دەستبەسەری.

## ئەگەر بنەمایەکی نوێت هەیە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری، دەتوانیت داوانامەیەکی نوێ پێشکەش بکەیت

ئەگەر دوای کارا بوونی بڕیارەکەی فەرمانگەی کۆچ بۆ داوانامەکەت لە ڕووی یاساییەوە بنەمایەکی نوێت هەبوو بۆ داوای پەنابەری، دەتوانیت داوانامەیەکی نوێ پێشکەش بکەیت. داوانامەی نوێ دەبێت یەکسەر کە بنەماکە هەبوو یان پێویستیەکە هەبوو بکرێت.

- **پێویستە هۆیەکەی بڵێیت کە لەبەر چی لەوە پێشتر باسی ئەوە بنەما نوێیەت نەکردووە**

هۆ بۆ ئەوەی کە بۆچی لەوە پێشتر باسی ئەو بنەما نوێیانەت نەکردووە دەبێت بەو شێوەیە بێت کە شتەکە لە دەسەڵاتی تۆدا نەبووبێت. دوابەدوای ئەمە ئینجا فەرمانگەی کۆچ ئەوە هەڵدەسەنگێنێت کە ئایا لێکۆڵینەوە لە داوانامە نوێیەکەت دەکات یان نا. ئەگەر فەرمانگەی کۆچ وای ببینێت کە تۆ بنەمای نوێت نیە بۆ داواکردنی پەنابەرێتی ئەوساکە بڕیاری ئەوەت بۆ دەردەکرێت کە لێکۆڵینەوە لە داوانامەکەت ناکرێت. بڕیارەکەشت پێ دەدەن بۆ زانیاریت.

## مافی کارکردنەکەت بپشکنە

ئەگەر تەمەنت لە سەرووی ١٥ ساڵانەوەیە و لە فینلەندا کارت کردووە، یەکسەر لەگەڵ نوێنەرەکەتدا تەماشا بکەن و بزانن مۆڵەتی کارکردنەکەت هێشتا کارایە یان نا . نوێنەرەکەت لەم بابەتەشدا یارمەتیت دەدات.

### زانیاری زیاتر لەم شوێنانە دەست دەکەون

- ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ: migri.fi/turvapaikka-suomesta
- لە ڤیدیۆکەی فەرمانگەی کۆچ "Kielteinen päätös" بڕیاری (ڕەفز) ڕەتکرانەوە:
- migri.fi/videot-turvapaikanhakijoille